# 11 سێپتەمبەر (ئەیلول)ی 2001 ـ 11 سێپتەمبەر (ئەیلول)ی 2005



**ئەمڕۆ چوارساڵ تێپەڕ دەبێ و ئەو کارەساتە هەر لەسەر زارە و لە مێشکی خەڵکی شوێنی خۆی گرتووە. ئەو کارەساتە بووە هۆی روخاندنی تاریکستانی تالیبان و رزگاربوونی خەڵکی ئەفگانستان...بووە هۆی روخانی رژێمی دیکتاتۆر صەدام حوسێن و دەسگیرکردنی...لەو رۆژە ئەو روداوانە رویان داوە**

1961 **شۆڕشی ئەیلولی کوردستان .**

1971 **بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی برایەتی لە سلێمانی ، پاشکۆی التاخی بوو، سەرنووسەری دارا تۆفیق بووڕەمزی قەزاز سەرپەرشتی دەکرد تا وەستانی** 18 **مارتی** 1972 (17)**ژمارەی لێدەرچوو.**

1971 **کۆچی دوایی خرۆشۆف** (Nikita Chrusjtjov).

1973 **کۆدیتای جونتای فاشی پینوشێت** (Augusto Pinochet) **لە شیللی و روخانی رژێمی دیموکراتی سەلڤادۆر ئەلیێندی** (Salvador Allende).

1975 **دامەزرانی پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆك ـ**

2003 **وەزیری دەرەوەی سوێدی ئەنا لیند** (Anna Lindh) **کۆچی کرد ...**

**بەیانی زوو رۆژی یازدەی سێپتەمبەر** 2001 **چوار فڕۆکە لە لایەن نزیکەی** 19 **پیاوی موسڵمان لە ئەمریکا رفێندرا...ئەو کارە تیرۆریستیە بووە یەکێك لە رووداوە هەرە بەناوبانگەکانی مێژوو...**

08.48 **فڕۆکەیەك دەچیتە ناو تەلاری** 110 **نهۆمی باکووری تەلاری** (World Trade Center ) **لە نیۆیۆڕك .**

09.06 **فڕۆکەیەك دەچیتە ناو تەلاری خوارووی** (World Trade Center) **لە نیۆیۆڕك . خەڵك باوەڕی کرد کە ئیتر ئەوە پیلانە بۆ روخاندنی ئەو تەلارانە نەك بەهەڵە فڕۆکەی یەکەم خۆی لە تەلاردابێت .**

09.20 **خانووی بۆڕسەی** (Wall Street) **چۆلکرا...**

09.25 **پۆلیسی ئەمریکا** (FBI) **رایگەیاند کە چوار فڕۆکە رفێندراوە ، دووان ئی** (American Airlines) **و دووانیش ئی** (inesUnited Airl).

09.30 **سەرۆك جۆرج بۆش رایگەیاند کە ئەمریکا کەوتۆتە بەر شاڵاوی تیرۆریستان ، بەڵێنی دا هەموو توانایەك بخرێتە کار بۆ دەستگیرخستنی ئەوانەی لە پشت ئەو کارانەن .**

09.40 **فڕۆکەیەك دەچیتە ناو وەزارەتی بەرگری ئەمریکا** (Pentago)**. هەر هەموو بینایەکە چۆڵ دەکرێ و کۆشکی سپی و کۆشکی حوکومەت لە ترسان چۆل دەکرێن .**

09.45 **هەموو فڕۆکەخانەکانی ئەمریکا دادەخرێت ، رێگانادرێ هیچ فڕۆکەیەك بکەویتە ئاسمان .**

10.00 **تەلاری** (World Trade Center) **دادەڕمێ و دوکەڵ و تۆز ئاسمان داگیردەکات.**

10.10 تۆنی بلێر(Tony Blair) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دەڵێ زۆر پەشۆكام بەو كارەساتە. بەشی زۆربەی سەرۆكەكانی جیهان وایان بەسەر هات و بۆرسەی جیهان داشكا. 10.30 تەلاری باكووریش داڕمایەكێكە لە بینایە بەرزەكانی جیهان كە 400 مەتر بەرزە و نزیكەی 50000 كەس كاری تێدا دەكرد .

10.40 پۆلیس (FBI) رایگەیاند كە فرۆكەی چوارەم بەرێوەیە بۆ كارێكی ترسناك بۆ واشنتۆن . خەڵك تووشی شپرەزەیی و سەرلێشێواوی بووە لە شەقامەكانی نیویۆرك و واشنتۆن . كەس نازانێ چەند مردوو و بریندار هەیە.

10.45 یاسر عەرەفات بە توندی ئەو تاوانە تیرۆرییەی ریسواكرد. گومان زیاتر خرایە سەر ئوسامە بن لادن .

11.00 فرۆكەی چوارەمی رفێندراو لە پانسیلڤانیا (Pennsylvania)دەكەویتەخواری .

11.10 میری داوا لە خەڵكی هەندێك ناوچەی واشنتۆن و مانهاتان (nManhatta) لە نیویۆرك دەكات كە ئەو ناوچانە بەجێ بهێڵن .

11.15 كۆمپانیای (American Airlines) رایگەیاند كە 156 كەس لە ناو هەردوو فرۆكەكەی هەبووە. وە كۆمپانیای (United Airlines) رایگەیاند كە 110 كەس لە ناو هەردوو فرۆكەكەی هەبووە. هەرچوار فرۆكە ماركەی بۆینگ (Boeing)بوو.

11.50 یەكێك لە تالیبانانی ئەفگانستان ئەوكارەی ریسواكرد .

12.20 لێپرسراوان فرۆكەخانەی لۆس ئەنجیلیس چۆل دەكات كە هەواڵ بلاودەكرێتەوە گوایە فرۆكەی پێنجەمی رفێندراو بەرێوەیە بۆ ئەوێ .

13.00 ئەمریكا هێزەكانی لەشكری دەرەوەی لەئامادەگی باش ئامادەدەكات.

13.20 سەرۆك بۆش دەچیتە شوێنێكی نهێنی و خۆشاردنەوە.

سەرجەمی ئەو كارەساتە نزیكەی 3000 مرۆڤ كوژرا و بەشی زۆربەی لاشەكەی نەدۆزرایەوە و هەندێكیش دۆزرانەوە بەڵام نەناسراونەوە .

ئەو شوێنەی كە (World Trade Center) بوو .

ئێستاكە ناوی (Ground Zero)یە..

القاعده لە ساڵی 1988 لە لایەن ئوسامە بن لادن (لە 30/یولیو 1957 لەدایك بووە) دامەزرا...سەرەتا وەكو رێكخراوێكی خزمەتكار بوو. پاشان ئوسامە بن لادن و هەندێك لە وڵاتانی عارەبی و ئیسلامی و ئەمریكا یارمەتیان دا لە دژی لەشكری سۆڤیەت لە ئەفگانستان ...لە ساڵی 1998 ئەیمەن زەواهیری (ایمن الظواهری) {ئەیمەن لە قاهیرە رۆژی 19/یونیو/1951 لەدایك بووە}. سەرۆكی رێكخراوی جیهادی ئیسلامی (منظمە الجهاد الاسلامی المصریە) چووە ناو قاعدە و بووە پیاوی دووەم ... لە جیهاندا بە یەكێك لە رێكخراوە تیرۆریستەكان دەژمێردرێ.

*ستۆكهۆلم نووسین و ئامادەكردن و وەرگێرانی : فـــەهـــد گـــردەوانـــی*